# ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکست دێنێ

خوێندنەوەی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا



ئەدوارد سەعید

ئەم کتێبە، کۆمەڵە باسێکی مەیدانی و فیکریی تۆکمەیە لە بارەی رووناکبیرەوە، بە شێوەیەکی گشتیی و پیشاندانی وێنەکانی رووناکبیرە، ئەمە کۆمەڵێک وتارە کە ئەدوارد سەعید لە ساڵی ١٩٩٢ وەکو موحازەرە پێشکەشی کردوون و، لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کتێبێکدا چاپیکردوون، بە ناونیشانی ( ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکستدێنێ). لە بارەی رووناکبیر و رۆڵی رووناکبیر نووسیونی، نووسەر پێیوایە کە یەکێک لە ئەرکەکانی رووناکبیر، هەوڵدانە بۆ شکاندنی پۆلینە لە قاڵبدراو و کورتکراوەکان (ئیختیزالکراوەکان)، کە لەرێگەی بیرکردنەوەو رایەڵەی مرۆڤایەتییەوە دەکرێت، لەم باسانەیدا پێیوایە رووناکبیران بە چەپ و راستیانەوە، بە وردی ئەو کەسانەن کە ناتوانرێ پێشبینی رەوشتی گشتییان بکرێت، نەبخرێنە ژێر دروشمێکەوە، یان لە هێڵی راستی حزبێکدا، یان لە بیرو باوەڕێکی چەسپاودا، یان هیچ شتێک رەوشتی گشتیی رووناکبیر تێکنادات، بەقەد ئەوەی بریق وباق و بێدەنگیی و لاف و گەزافی نیشتیمانیی تێکیدەدات، هەوڵدانی پابەندبوون تاکە پێوەرێکی گشتییە وەکو بیرۆکەیەکی سەرەکی رۆڵێکی گرنگ دەبینێ، بەپێی بۆچوونی نووسەر، کۆمەڵێ هەڵبژاردەی واقیعی هەیە کە رووبەڕووی رووناکبیر دەبنەوەو، لە موحازەرەکانی یەکەمیدا دیاریکردوون، بیرۆکەکەیش ئەوەیە کە هەموو رووناکبیران شتێک پێشکەش بە جەماوەری خۆیان دەکەن و، ئەمەش وەکو ئەوە وایە خۆیان پێشکەش بە خۆیان بکەن، ئەگەر ئەکادیمی بێ، یان وتارنووسێکی بۆیهیمی بێ، یان راوێژکارێکی وەزارەتی بەرگریی بێ، بەلای ئەوەوە

رووناکبیـــر نەفیکراوە و پەراوێزەو ئارەزوومەندە (هاوی)یەو، دانەری زمانەو هەوڵدەدا راســتیی بـــە دەســـەڵات بڵێ، بـــە تەئکید رۆڵـــی رووناکبیر ئەوەیە کە ئـــەو ئینتیمای نییـــە، ئەوەی لە مێشـکدا بووە کە مرۆڤ چەند دەستەوســـانە، زۆرجار لە بەرامبەر تۆڕێک لە دەســـتە کۆمەڵاتییـــە بێهێزەکان و، بە شـــێوەیەکی سەرتاســـەریی، یـــان ئامرازەکانی میدیای حکوومیی و کۆمپانیا گەورەکاندایە، کە ئەگەری دەستەبەرکردنی هەموو گۆڕانێک دووردەخەنەوە، ئینتیمانەبوونی بە ئەنقەست بۆ ئەم هێزانە، واتای ئەوەیە کە لە زۆر رێبازدا نەبوونی توانست هەیە بۆ ڕوودانی گۆڕانی راستەوخۆ.

لـــە بەشـــی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە ناونیشـــانی (وێنەکانـــی رووناکبیر). باســـی رووناکبیر دەکات کە کێیە؟ دەنووســـێ: لە ســـەدەی بیستەم، دوو وەســـفی جیاوازی زۆر گرنگ هەبوو، بەشێوەیەکی گەوهەری دەربارەی ئـــەم کێشـــەیە: (ئەنتۆنیۆ گرامشـــی) مارکســـییەکی ئیتاڵی وتێکۆشـــەرو رۆژنامـــەوان و بیرمەندێکـــی پرشـــنگدار بـــوو، کە مۆســـۆلینی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٣٧ بەندی کرد، لەنامەکانی بەندیخانەدا نووسیویەتی: (هەموو خەڵکی رووناکبیرن، لەبەر ئەوەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێت: کەچی هەمـــوو خەڵکی لە کۆمەڵگەدا مومارەســـەی ئەرکی رووناکبیران ناکەن). ئیشـــەکەی "گرامشی" خۆی نموونەیەک دەداتە دەستەوە، بۆ ئەو رۆڵەی کـــە رووناکبیـــر دەیگێڕێت: ئەو زانایەکی زمانـــی بەتوانابوو، رێکخەری چینی کرێکاری ئیتاڵیا بوو، لە نووســـینە رۆژنامەوانییەکانیدا یەکێک بوو لە لێکۆڵـــەرەوە کۆمەڵایەتییە بیرمەندەکان، خەمی ئەوەی هەبوو کە نەک بەتەنهـــا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروســـت بکات، بگـــرە پێکهاتەیەکی رووناکبیریـــی تۆکمەیـــش پەیوەنـــد بـــەو بزووتنەوەیەوە دروســـت بکات. "گرامشـــی" هەوڵیـــدەدا ئەوە روونکاتەوە، ئەوانەی کە مومارەســـەی ئیشـــی رووناکبیریـــی دەکـــەن، دەکرێت بکرێنە دوو بەشـــەوە: یەکەمیـــان، رووناکبیرە تەقلیدییەکان: وەکو مامۆستایان و پیاوانی ئایین و کارگێڕەکان، کە بە بەردەوامیی نـــەوە لەدوای نـــەوە هەمـــان ئیشـــدەکەن، دووەمیـــان، رووناکبیـــرە ئۆرگانییەکانە، ئەوانەی کە گرامشی دەیبینین راستەوخۆ پەیوەندن بە چینەکانەوە، یان بە دامەزراوە بازرگانییەکانـــەوە، کـــە رووناکبیـــر بەکاردەهێنن بـــۆ رێکخســـتنی بەرژەوەندییەکانیان وبەدەســـتهێنانی دەســـەڵاتی گەورەتر و، پەیاکردنی سانســـۆرێکی بەربڵاوتر، بەوشێوەیە "گرامشـــی" بـــە رووناکبیری ئۆرگانی دەڵـــێ: (بەڵێندەری ســـەرمایەداریی لە پاڵ تەکنیکی پیشەسازی و پسپۆڕی لە ئابووری سیاسیی و رێکخەری رووناکبیریی نوێدا و، ئەوانیدی دەخوڵقێنێ بۆ سیســـتمێکی یاسایی نوێ)، شـــارەزای ریکلام یان پەیوەندییەکانی گشـــتیی، کە تەکنیـــک دادەهێنێ بۆ ئـــەوەی کۆمپانیایەک ژنانی پاککەرەوەی دەســـتکەوێت، یان کۆمپانیایەکی ئاسمانیی بەشـــێکی زۆرتری هەبێت لە بازاڕدا، بە پێی "گرامشی" رووناکبیرێکی ئۆرگانییە، ئەو مرۆیەکە لە کۆمەڵگەیەکی

ديموكراســيدا، هەوڵ دەدات رەزامەندی كڕیارە گریمانەیەكان وڕازیبوویان بەدەســت بهێنێت و، كڕیار و هەڵبژێرەكان ئاڕاســتەبكات، "گرامشــی" پێیوابوو كە رووناكبیــرە ئۆرگانییەكان بە شێوەیەكی كاریگەر پەیوەندن بە كۆمەڵگەوە، واتا، ئەوانەی بە بەردەوامیی تێدەكۆشن بۆ گۆڕینی ئەقڵ و فراوانكردنەوەی بازاڕەكان، بە پێچەوانەی مامۆستا و كاهینەكانەوە، ئەوانــەی كــە دیارە ناچــارن تا ئەم رادە، یان ئەو رادەیە بۆ مانەوە لە شــوێنێكدا بــن، ســاڵ لە دوای ســاڵ هەر هەمــان كار ئەنجامــدەدەن، وەلــێ رووناكبیرە ئۆرگانییەكان هەمیشــە لە جووڵانەوەو نوێبوونەوەدان، لە لایەكی ئەولاترەوە پێناســە بەناوبانگەكــەی (جۆلیــان بیندا) هەیە بــۆ رووناكبیــران، كە دەڵێ، ئــەوان گرووپە شــاهێكی دانەر وخاوەن بەهرەی رادەبەدەرو هەســتێكی بــەرزی رەوشــتن و، خۆیان تەرخانكــردووە بۆ دروســتكردنی ویژدانی مرۆڤایەتی، لە كاتێكدا كە ئەمە راســتە، وەلێ باســەكەی –بیندا–خیانەتی رووناكبیران– بەدرێژایی نەوەكان مایەوە، وەكو هێرشــكردنێك بۆسەر ئەو رووناكبیرانەی كە دەسبەرداری بانگەشەكەیان بوون و، بیروباوەڕی خۆیان خســتە بەردەم گومانەوە، پتر وەكو شــیكردنەوەیەكی تۆكمە بۆ ژیانــی فیكریی، ئەو لە واقیعــدا ژمارەیەكی بچووك دەهێنێتەوە، لە ناوو خەسڵەتی سەرەكی ئەوانەی بە رووناكبیریی راستەقینەیان دادەنێت، بە شێوەیەكی دووبارەوەبوو ئاماژە دەكات بە "سوكرات" و "كریست"(عیسا) و هەروەها بە" سیپینۆزە" و ڤۆڵتێر و "ئارنست رێنان" لە چەرخی نوێدا، رووناكبیرە راســتەقینەكان هەڵبژاردە پێكدەهێنن، لە راستیدا بوونەوەری دەگمەنن، مادامێكی هەڵگری بەهای نەمریی راســتیی و دادپەروەرین، بە وردی سەر بەم جیهانە نین، لێرەدایە زاراوە ئایینییەكەی "بیندا" بۆ ئەوان – پیاوانی ئایین – خەسڵەتی جودایان هەیە لەپایەو ئەنجامداندا، كە هەمیشە بەو دووانە رووبەڕووی خەڵكی رەمەكیی دەبنەوە، ئەو خەڵكە ئاساییەی كە بایەخ بە ســوودی مادیی و پێشكەوتنی كەســایەتیی دەدەن، ئەگەر بشێ بە شێوەیەكی موتڵــەق بــێ، پەیوەنــدی تووندوتۆڵیــان بە هێزی دنیاییــەوە هەیــە، رووناكبیرانی راستەقینە وەكو دەڵێت: (ئەوكەسانەن چالاكی پلە یەكیان هەیە، شوێنكەوتنی ئامانجە پرۆسەیەكانیان نییە، ئەوانەن هەوڵ بۆ دۆزینەوەی خۆشی خۆیان لە مومارەسەكردنی هونــەر، یان زانســت یــان تێڕامانــی میتافیزیكیــدا دەدەن، بەكورتی بۆ بەدەســتهێنانی خەســڵەتی نامادیی و، لەبەر ئەم هۆیە بە شــێوەیەكی دیاریكراو دەڵێن:( مەملەكەتی من لەم جیهانەدا نییە). بەهەر حاڵ لەگەڵ ئەوەشدا نموونەكانی –بیندا– ئەوە رووندەكەنەوە بەتەواوەتی ئەو بڕوای بە رووناكبیرانی قوولەی عاجی نییە و، لە جیهانی واقیعی دابــڕاوداو بە تــەواوی پابەند نین، بە خەســتی دوورەپەرێزن، ئەوانەی خۆیان بۆ بابەتی ئاڵۆزو دەشێ ئەفسووناویش تەرخانكــردووە، رووناكبیرانــی راســتەقینە هەرگیز لە باشــترین حاڵەتدا نابن، جگە لە سۆزێكی میتافیزیكدا



که بیانجوولێنێ، یان بیروباوەڕێکی پاکیزە بۆ دادپەروەریی و ڕاستی و ڕیسواکردنی گەندەڵی و، بەرگریکردنیان لە چەوساوەکان و، تەحەدای دەسەڵاتی ناشەرعی یان ستەمکار، ئایا پێویست بە بیرخستنەوە هەیە؟ (بیندا) دەڵێ، کە چۆن –فنلیون و ماسیلۆن جەنگە دیاریکراوەکانی لویسی چواردەمیان ریسـواکرد؟ چۆن "ڤۆڵتێر" کاولکاریی بەڵاتییەکانی ریسواکرد؟ چـۆن "رێنـان" کـردەوە توندوتیژەکانی ناپلیۆنی ریسـواکرد؟ یـان چۆن "بکلی" دەمارگیریی ئینگلترای ریسـواکرد بەرامبەر بە شۆڕشی فەڕەنسا؟ لەسەردەمی ئیستاشماندا (نیچە) کردەوە دڕندەییەکانی ئەڵمانیای ریسواکرد دژ بە فەڕەنسا؟ گرفتەکـە لەگـەڵ کۆمەڵە رووناکبیری ئەم سـەردەمەیە بـە پێی-بیندا-، کە ئەوانە دەسـبەرداری دەسـەڵاتی ئەخلاقی خۆیان بوون، بـۆ بەرژەوەندی ئەوەی بانگەشـەی دەکەن، بە دەربڕینێکی پێشبینانە"رێکخسـتنی سـۆزی کۆمەڵیـی" وەکـو تایەفەگەریی و، بیروباوەڕی سـۆزداریی جەماوەر و، رەوشـتی دوژمنکاریی نەتەوەیی و، بەرژەوەندی چینایەتی. "بیندا" ساڵی ١٩٢٧ دەنووسـێ. واتـا پێش چەرخـی کەناڵەکانی راگەیاندنی گشـتیی، بـەڵام هەسـتی بەوە کردبوو، کـە چەند بۆ حکومەتـەکان گرنگبوو ئەو رووناکبیرانە بەکاربهێنن، لەوانەیشە بانگەشە بکرێن، نەک سەرکردایەتی بکـەن، بگـرە بۆ چەسـپاندنی سیاسـەتی حکومـەت و، دژ بـە دوژمنە فەرمییـەکان پڕوپاگنـدە بکەن و، بەدەربڕینی چاک، لەسـەر ئاسـتێکی فراواندا، لە چەند دەسـتگایەکی تۆکمـەدا، بە زمانێکی ئۆرویلانەی ئاڵۆز، کە دەتوانێ لەژێر ناوی "سـوودمەندایەتی" دامەزراوەیی" یان "شەرەفی نشتیمانپەروەریی"دا ئەو راستییە بشارێتەوە.

بەهێـزی گازندەکـەی –بینـدا- لە خیانەتـی رووناکبیران لـە توندی سـەلماندنەکەیدا نییە، نە بە تەواوەتیش لە زۆرداریيە مەحاڵەکەیدا بێ، کاتێ مەسـەلەکە دێتە سـەر ئەو رایەی کە شـیاوی رەدەڵ وبەدەڵ نییە سـەبارەت پەیامی رووناکبیر، رووناکبیرانی راستەقینە بەپێی پێناسەی "بیندا"، دەبێ قوربانیی بـدەن بەمەترسـی لـە سـووتاندن و ترۆکـردن یان لەخاچـدان، ئـەوان کە بەخۆ دوورخسـتنەوەی چەسـپاو لە بایەخە پرۆسەییەکاندا کەسـایەتی پایەبەرزی هێمایی ناسـراون، بۆیە نابێ ژمارەیان زۆر بێو، نابێ بەشـێوەیەکی رۆتینی پەرەبسەنن، دەبێ تاکەکان وردبین بن و، خاوەن کەسایەتی بەهێز بن و، لەسەرووی هەمووشتێکەوە دەبێ بەشێوەیەکی نیمچە هەمیشەیی لەگەڵ ئەو دۆخەی کە هەیە لەحاڵەتی دژایەتیدا بن، لەبەر ئەم هۆیانە هەموو رووناکبیرانی -بیندا - بەشێوەیەکی حەتمی کۆمەڵێکی بچووکی پیاون و، زۆر ئاشـکران- لەمەدا هەرگیز ژنانی تێنەخسـتووە-، ئـەو پیاوانەی دەنگیان زوڵاڵەو نەفرەتە توندەکانیان لەئاسمانی بڵندی خۆیانە بەسەر ئادەمیـزادا دەبارێنـن، بیندا ئامـاژە نادات بـەو پیاوانە، کە چـۆن ئەو راسـتییەیان دەسـتکەوتووە، یـان دیـدە درەوشـاوەکەیان چییە کە دەچێتە نـاو بیروباوەڕە

نەمرەکانـــەوە و، تەنها وەهمی تاکە کەســـیی بێت، وەکو ئەوەی دۆنکیشـــۆت. بـــەڵام گومانم نییە بەلانـــی کەمـــەوە لەو وێنەی رووناکبیرە راســـتەقینەی کـــە "بیندا" خەیاڵی کـــردووە، وێنەکە بەدڵفڕێنـــی و بەهێـــزەوە خۆی دەســـەپێنێ، زۆربەی نموونەکانـــی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ و باوەڕپێکـــراون: وەکـــو بەرگریکردنی _ڤۆڵتێـــر- لە خێزانـــی کالاس، یان لەلایەنی بەرامبەرەوە- نەزعەی نەتەوایەتی ترســـێنەر لەلای نووســـەرانی فەڕەنسا، وەکو —مۆریس بارێ- کە بیندا نەمرکردنی (رۆمانسیەتی توندوتیژی و رق لێهاتنەوە) بـــۆ ئـــەوە دەگەڕێنێتەوە، بەناوی شـــەرەفی نیشـــتیمانی فەڕەنســـاوە، "بیندا" لەگەڵ کێشەی "دریفۆس" و جەنگی یەکەمی جیهانیی رۆحیەکەدا تێکەڵبووە، هەردووکیان دوو ئەزموونی ســـەخت بوون بۆ رووناکبیران، ئەوانەی کە لە سەریان بوو ئازایانە دەربڕینی خۆیان هەڵبژێرن، دژ بە کردەوەیەک لە کردەوە ســـتەمەکانی ســـەربازیی، دژ بە سامییەت و حەماسی نەتەوەیی، یـــان ئەوەتا وەکو مەڕ بکەونە تەک مێگـــەل و، بەریگریکردن لە "ئەلفرێد درفـــۆس" رەتبکەنـــەوە، ئـــەو ئەفســـەرە جوولەکەیەی کە بەشـــێوەیەکی ناعادیلانە حوکمدرا، دروشـــمی شۆڤێنیانە بڵێنەوە بۆ وروژاندنی جەنگ، دژی هەمـــوو شـــتێکی ئەڵمانی، -بینـــدا- دوای جەنگـــی جیهانیی دووەم دیســـان کتێبەکـــەی بڵاوکردەوە، ئەمجارەیان ئەو هێرشانەشـــی خســـتە سەری، دژ بەو رووناکبیرانەی کە لەگەڵ نازییەکان هاوکارییان کرد و، دژی ئەوانەیشی کەبەشێوەیەکی ناپاکانە دڵگەرم بوون بۆ شیوعییەکان، بـــەڵام بەقووڵیی لـــە رەوانبێژی وبەپەرۆشـــی بۆ کارەکـــەی "بیندا" زۆر موحافیزکارانە وبە شـــێوەیەکی بنەڕەتی بوو، وێنەیەکی رووناکبیر هەیە وەکو بوونەوەرێکی قێزەون، کەسێکە لە توانایدا هەیە راستی بە دەسەڵات بڵێ، درانەو، بەڕەوانی، ئازایانە بە شێوەیەکی خەیاڵیی وەکو تاکێکی تووڕە، چونکـــە بەلای ئەوەوە دەســـەڵاتێکی دنیایی گـــەورە و زۆر بەهەیبەت نییە، کە رەخنـــەی لێنەگیرێت و بەتووندی لۆمـــە نەکرێت، شـــیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکەی —گرامشـــی- بـــۆ رووناکبیر، وەکو کەســـی کۆمەڵێـــک فەرمان ئەنجامـــدەدات، زۆر نزیکترە لەو واقیعەوە کە لەهەرشـــتێکدا کە —بیندا- پێشکەشـــمان دەکات، بە تایبەتی لە کۆتایی ســـەدەی بیستەمدا، کاتێ پیشـــەگەلێکی نوێ پەیابوون، وەکو دەنگبێژەکان، ئەکادیمییـــە لێهاتووەکان، شـــیکارانی کۆمپیوتـــەر، پارێزەرانی یارییە وەرزشـــییەکان و میدیاکان و، راوێژکارە کارگێڕیەکان و، شـــارەزایانی سیاسەت و راوێژکارانی حکومەت، راپۆرتنووســـانی پســـپۆری بازاڕو، لەراستیدا لەســـەرجەم مەیدانی رۆژنامەوانی میللی نوێدا، راســـتی دیدی گرامشـــییە، لەم رۆژانـــەدا کە هەموو مرۆیـــەک لە بوارێکدا کاردەکات وپەیوەنـــدە بەبەرهەمهێنـــان، یـــان بە دابەشـــکردنی مەعریفەتەوە، بەپێی واتای —گرامشی- رووناکبیرە...

لـــە بەشـــی دووەمـــی کتێبەکـــەدا، بـــە ناونیشـــانی (دیســـپلینکردنی نەتەوەکان و دابونەریتەکان

لـه دۆخێكـی شـپرزەدا)، دێتەسـەر باسـی كتێبـە بەناوبانگەكـەی (جۆلیـان بینـدا) – خیانەتی ڕووناكبیـران-. ئـەم كتێبەی –بیندا- بۆچوونێكی وەها دروسـتدەكات، كـە ڕووناكبیران لە جـۆرە پانتاییەكی گەردوونیدا دەژین وپەیوەندی نییە بە سـنووری نیشـتیمانپەروەریی یـان ناسـنامەی ڕەگەزییـەوە. لەلایەكی تـرەوە ئەگەر باسـی ڕووناكبیرانی ئەمڕۆ بكەیـن واتای ئەوەش دیسـان بە شـێوەیەكی سـنووردارە لە بـارەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و تەنانەت كیشـوەرییش لە بابەتەكەدا باسـبكەیت، وادیارە هەریەک لەوانە پێویسـتی بە باسـێكی جیـاواز هەیە، نموونـەی ڕووناكبیرە ئەفریقییـەكان و عەرەبەكانـی هێناوەتـەوە، كـە هـەر یەكەیـان دەخرێنـە سـیاقە مێـژوو سـنووردارەكەی خۆیانەوە، بـە گرفتـە تایبەتییەكانیان و سـەركەوتنەكانیان و نەخۆشییەكانیان و تایبەتمەندییەكانیانەوە، هەروەها (ماتیـۆ ئەرنۆڵد)یش دەڵێ: دەبێ ڕۆڵی ڕووناكبیر هاوكار بێت بۆ كۆمەڵی نەتەوەیـی، بۆ زیاتر هەسـتكردن بە ناسـنامەی هاوبەش كە هەسـتێكی بـاڵاو بـە واتایە. ئەنجەتەكەی "ئەرنۆڵد" ترسـە لە بە دیموكراسـیبوونی كۆمەڵگـە بـەزۆری و، بـە بوونـی خەڵكانێكـی زۆر كـە داوای مافـی دەنگـدان دەكەن و، مافی ئـەوەش كە چییان پێخۆشـە بیكەن، ئەمەیش دەبێتە پتر دابەشـبوونی كۆمەڵگـە، وایلێدەكات كـە فەرمانڕەواییكردنی زەحمەتبـێ، ئالێرەوە پێویسـتی ناوەرۆكییانە هەیە بـۆ ڕووناكبیران تا خەڵكی هێوربكەنەوەو، بۆیـان ڕوونبكەنەوە كە بیروباوەڕە ئەدەبییەكان باشـترن و، كارە ئەدەبییـەكان جوانتـرن، كە ڕێبـازی ئینتیمابوونیان بۆ كۆمەڵـی نەتەوەیی بۆیانی پێكهێناوە، -بیندا- پێشـنیازی ئەوەی كردووە، دەبێ ڕووناكبیران لەبیركردنەوە بوەسـتن بە زمانی سـۆزی كۆمەڵ و، لە جیاتی ئەوە خووبدەنە بەها باڵاكان، ئەوانەی لەلای هەموو نەتەوەو میللەتان شـیاوی پراكتیزەكردنە، یان زانای كۆمەڵناسـی –ئەدوارد شیلز- پێناسەیەكی یاسـایی هەیە بۆ ڕووناكبیری نوێ، دەڵـێ: لە هەموو كۆمەڵگەیەكدا هەندێ كەس هەن خاوەن هەسـتێكی رادەبەدەرو پیرۆزن، تێڕامانێكی نائاسایی هەیە دەربارەی سروشـتی بوونیان و، ئەو بنەمایانەی كـە فەرمانڕەوایی كۆمەڵگەكەیان دەكەن و، لە هەموو كۆمەڵگەیەكیشـدا كەمینەیەكی كەسـایەتییەكان هەیە براكانیان بەرز رادەگرن و دەگەڕێـن و، ئارەزوومەنـدن كە پەیوەندییەكی بەسـۆزی تێكچڕژاویان هەیە، لە گەڵ هێماكانـی بەربـڵاوی دۆخە مەلموسـە ڕاسـتەوخۆكانی ژیانی ڕۆژانـەداو، دوورترە لە ئاماژەی شـوێنكاتەكان، لەم كەمینەیەدا پێویسـتییەک هەیە بۆ بەرجەستەكردنی ئەم توێژینەوەیـە لە خیتابی زارەكیی و نووسـراودا، لە دەربڕینی شـیعریی بێ، یان شێوەكاریی بێ لە بیركردنەوەدا، یان لە نووسینی مێژوویی بێ،
لە ئەدائی دابو بۆنەكان بێ، یان لە كردەی پەرستندا بێ،
ئەم پێویستییە هەناوییە بۆ چوونە پشتەوەی
شاشـەی ئەزموونێكی مەلموسی
ڕاسـتەوخۆوەیە، كە بوونی

رووناكبیـران لـە هەمـوو كۆمەڵگەیەكدا دیاریدەكات، ئەمەیش بەشـێكی دارشـتنەوەی رایەكەی –بیندا-یە، كە دەڵێ رووناكبیران جۆرێكن و كەمینەیەكی ئەكلیریكیزمن و، بەشێكن لە وەسفی گشتیی كۆمەڵایەتی، دواجار –شیلز- ئەوەی دەخاتەسەر كە رووناكبیران لە دووسەرەوە دژن: ئەوەتـا یـان دژی بیروباوەڕی باون، یان بە شـێوەیەكی دیكە خۆگونجانە كە شـێوەیەكی ریشـەییان هەیە بۆ ئەوەی (سیسـتمێك وبەردەوامبوونێك لە ژیانی گشتییدا دابین بكەن).

یان لە بارەی رووناكبیرو ئایینی ئیسـلامەوە دەڵێ: گەرچی ئیسلام ئایینی زۆرینەیـە دوای هەموو شـتێ پێموایە رۆڵـی رووناكبیـر ئەوەنییە بڵێی بە ئاسانی كە"ئیسلام رێگەیە"و، چارەسەركردنی هۆیەكانی ناكۆكی و جیاوازی ئیسـلام ئاییـن وكولتورە، هەردووكیـان مورەكەبن وزۆر دووریشـن لە پەیوەسـتبوونی تاكلایەنی، لەگەڵ ئەوەشـدا كە ئایین ناسنامەی زۆری گەلێكـە و، رووناكبیـر پابەنـد نییە بچێتە نێو ئەو جۆقانەوە كە ئیسـلام سـەروەر دەكەن، راسـتتر وایـە بچێتە نـاو ژاوەژاوەكەوەو، شـرۆڤە پێشكەشـبكات بۆ ئیسلام و، تەئكید لەسەر ئاڵۆزبوون و سروشتە دوو رووەكەی بكات، یەكەم :

– ئیسـلامی فەرمانـرەواكان، شـاعیر و رووناكبیریـی سـووریی "ئەدۆنیس" دەپرسێت، یان هی شاعیر و یاخییەكان و گرووپەكانە؟ دووەم داواكردنی دەسـەڵاتە ئیسـلامییەكان بۆ رووبەڕووبوونـەوەی كەمینە نائیسـلامییەكان و مافی ژنان و خـودی مۆدێرنێتە بۆ بە ئاگابوونەوەی مرۆڤایەتی و، دووبارە هەڵسەنگاندنێكی پاكوبێگەرد نەبیروباوەڕەكان و نە سـوودە میللییە موزەیەفەكانە و، گەوهەری ئەمەیش سەبارەت رووناكبیر لەناو ئیسـلامدا زیندووكردنەوەی ئیجتیهادە و شـرۆڤەی كەسایەتیە، نەك تەنازولێكـی ترسـنۆكانە بۆ زانایانی ئایینیـی خاوەن خواسـتە بنەڕەتییەكان بـكات، یـان سـەركردە لێهاتووە خـاوەن كەسـایەتییە كاریزمییـەكان، بێگومان ئامانجی رووناكبیری نیشتیمانپەروەر كە ناتوانێ بە ئاسانی پۆلیسی سپی بگۆڕێت بە هاوشـێوەكەی كە نیشـتیمانپەروەر بێ، بەڵكو راسـتتر وەكو لە(ئیمیە سیزار)ەوە وەریگرتووە خوڵقاندنی رۆحێكی نوێیە، لە چەند وشەیەكی دیكەشدا سەرەڕای هەندێ بەهـا كە بە نـرخ دیارینـاكرێن، بەوەی كـە رووناكبیر دەیكات بـۆ زامنكردنی مانەوەی كۆمەڵ لە رێڕەوی قۆناغە نائاسـاییەكانی ئەوپەڕی نیشـتمانیدا، وەلائی رووناكبیر نابێ تەنها تایبەت بێ بە بەشدارییكردن لە رێڕەوی كۆمەڵگەییدا، رووناكبیرانی وەكو "تاگوور" لە هیندسـتان، یان "خۆسـێ مارتـێ " لە كوبـا دوو نموونە بوون لـەو بوارەدا، هەرگیـز رەخنەی خۆیـان هێواش نەكردەوە لەبـەر نەتەوەیی بوون، سەرەڕای ئەوەی نەتەوەییش بوون.

یـان باسـی ئـەوە دەكات كـە زۆر لـە رووناكبیـرە ژاپۆنییـەكان دوای جەنگی دووەم بە پێی قسەی

"واساومایوشــی" پێیانوابوو کە گەوهەری ئەرکە نوێیەکە، بگرە دروستکردنی نەزعەیەکی خودی تاکەکەسـیی لیبریالییــە، کە ئامانجــی کێبڕکێ بێت لە گەڵ ڕۆژئاوادا، زۆرجار لە ســەردەمە تاریکەکانــدا، تاکەکانــی گــەل چاوەڕێیان دەکرد لە ڕووناکبیر، بــە بێترس وێنابکات و دەربڕێت و شایەتی ئێش و ئازارەکانی ئەو گەلە بێت، بێگومان ڕووناکبیرە گەورەکان هەمیشــە پەیوەندییەکی هێمایان هەبووە بە زەمەنەکانیانەوە، لێرەشــدا بۆ نموونە وەســفەکەی "ئۆسکار وایڵد" هەیە ســەبارەت بەخۆی کە دەڵێ: چونکە ئەوان لە هۆشــیاریی گشتییدا نمایندەی دەســتەبەرکردن و ناوناوبانگن، دەتوانرێ بە بریکاریی ئامادەبکرێن بۆ تێکۆشــانێکی پەرەســەندوو، یان ئەو کۆمەڵەی کە ڕووبــەڕووی جەنگ دەبێتــەوەو، بە پێچەوانەوە زۆرجــار وادیاردەکەوێت کە ڕووناکبیران وەک بڵێی شــوورەیی کاری شەرمەزاراوی کۆمەڵەکەیان دەکەوێتە ئەستۆیان.. بێگومان ئۆسکار وایڵد هەستیکرد کە تاوانی هەموو بیریارە پێشــڕەوەکان لەئەســتۆی ئەودایە، ئەوانــەی وێرایان ڕکابەری پێوەرەکانــی کۆمەڵگــەی چینــی مامناوەند بکــەن. یان لەم ســەردەمەدا پیاوێکــی وەکــو (ئیلی ویزڵ) بووە هێمای ئێش و ئازاری شــەش ملێون جوولەکە، کە لە هۆلۆکۆســتی نازییەکاندا جینۆســاید کران، بۆیە ئیشی ڕووناکبیر نواندنی ئێش و ئازاری بە کۆمەڵی گەلەکەیەتی و، شایەتیدانە لەسەر ئازارەکانی و، دووپاتکردنەوەی بوونە چەسپاوەکەی پتەوکردنی بیروهزریەتــی، دەشــێ ڕووناکبیر بە تەنها ئــەوە بەدیبهێنێ، وەکو چۆن "بیکاســۆ" و "نیــرۆدا" ئەزموونــی مێژوویــی گەلەکەیان لــەکاری جواندا بەرجەســتەکرد.. بەڕای ئەو ئەرکی ڕووناکبیر بە شــێوەیەکی ڕاشکاوانە تەعمیمکردنــی تەنگژەکەیە و، بەخشــینی مەودایەکی مرۆڤانەی مەزن بەو ئێش و ئازارەی، کە تووشی ڕەگەزەکەی یان نەتەوەکەی بووە و، بەستنەوەی ئەو ئەزموونە بە ئێش و ئازاری ئەوانیدیکە. ئەزموونەکەی کەسێکی وەکو(فانون) سەبارەت بە جەزائیر کردی و، ئەو ئازارانەی بەستەوە بە ئێش و ئازاری گەلێکی دیکەوە، ئەمەیش واتای لەدەســتدانی تایبەتمەندیەتی مێژوویی نییە.. یان مەسەلەی (بۆیریەکان)لە باشــووری ئەفریقیا ئەوانەی قوربانیی دەســتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بوون، دوای ڕزگاربوونیان هەستیان کرد کۆمەڵێکن بە نمایندەی (دانیل فرانسوا مالان) ئامــادەن بــۆ ئەزموونە مێژووییەکەیان، بە دامەزراندنی جیاکردنەوەی ڕەگەزپەرســتی (فصــل عنصــری)، لەڕێگــەی بیروبــاوەڕی پارتێکی نیشــتیمانییەوە، ئەمەیش هەمیشــە ئاســان ومیللیانەیە ســەبارەت بە ڕووناکبیران، کە بکەونە دوای ڕێبازی پاکانەکردن و چاکەخوازییــەوە، کە لەبەرامبــەر خراپە کوێریان دەکات، لە قۆناغە نائاســایی و تەنگژەکاندا..

لــە بەشــی ســێیەمی کتێبەکــەدا بــە ناونیشــانی (تاراوگەی ڕۆشنبیریی و دوورخراوەکان و پەراوێزخــراوەکان)دا، باســی ئەوە دەکات کــە تاراوگــە بــەلای

رووناکبیرەوە لەم واتا میتافیزیکییە، نیگەرانییە و، بزاووتنە، ناجێگیربوونە بە شێوەیەکی بەردەوام و، نیگەرانکردنی ئەوانیدیکەیە، ئەو ناتوانێ بگەڕێتەوە حاڵەتی پێشووی خۆی، وەکو قسەکەی (ئەدرۆنۆ) کە دەڵێ ماڵی ڕابردوو نەما تەواو بوو. رووناکبیر وەکو نەفی کراو حەزی لەوەیە  بە بیرۆکەی کلۆڵی بەختەوەر بێت، بۆ نموونە –جۆناسان سۆیفت- خاوەنی شاکاری (گەشتەکانی کلیڤەر)، دوای نەمانی دەسەڵاتی موحافیزکارەکان ساڵی ١٧١٤، دەسەڵات و هەیبەتی خۆی لە ئینگلتەرە نەگەڕانەوە و، دواساڵەکانی تەمەنی لە تاراوگە لە ئیرلەندە بردەسەر، زۆرجار نموونەیەکی ئەفسانەیی بۆ تاڵیی و تووڕەبوون هەیە، لێرەشدا  نموونەی _ئەدۆرنۆ-ی هێناوەتەوە وەکو نموونەیەکی زۆر شیاو بۆ رووناکبیری نەفیکراوی هەمیشە. رووناکبیر وەکو ئەوەی بەدوای مەعریفەوە بەسەربەستی بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێ، بۆیە رووناکبیر  دەشوبهێنن بەکەسێک کە پاپۆڕەکەی نووقم بووبێت، فێردەبێ چۆن بەواتایەکی دیاریکراو لەگەڵ خاکدا بژیت، نەک وەکو –رۆبنسن کرۆزۆ- کە ئامانجی ئەوە بوو دوورگەکەی ئاوەدانبکاتەوە، بگرە وەکو –مارکۆ پۆڵۆ-یە کە هەمیشە هەست بە شەرمەزاری نەکرد بەرامبەر بەشتە جوانەکان، هەمیشە کۆچبەرو میوانێکی راگوزاریی بوو، نەک توفەیلی و داگیرکەر بێ،  یان چەتەی دەریا بێت..


لە بەشی  چوارەمی کتێبەکەشدا بە ناونیشانی (پیشەزانەکان و ئارەزوومەندان)، دەگەڕێتەوە سەر باسی وێنەکانی رووناکبیر، دەڵێ لە راستیدا رووناکبیر نابێ زۆر سازشکاربێت، یان مایەی هەست بە ئاسوودەییکردن بێ، وەک بڵێی بەتەنها بە شێوەیەکی تەکنیکی رووخۆش بێ و، نابێ بەدرێژایی کات رووناکبیر هەوڵبدات _کاساندرا- ئاسا بێ، کە نەک تەنها قێزەون بوو، بگرە لە راستیدا کەسیش گوێی لێناگرێت، دەبێ رووناکبیر لەلایەن خەڵکەوە گوێی لێبگیرێت، سەرەڕای ئەوەیش دەبێ رووناکبیرە ئەکادیمییەکان- مێژوونووسەکان بۆ نموونە، پێکهاتەی فیکریان بە تەواوەتی دەربارەی مێژوونووسین و، جێگیربوونی داب و نەریتەکان و رۆڵی زمانیان بۆ کۆمەڵگە گەڕاندەوە. رووناکبیر بۆیهیمی نییە، یان فەیلەسووفی چایخانە نییە. بگرە  کەسایەتی تەواو جیاوازە، نمایندەی جۆرەها بایەخدانە، وێنەکانی خۆی بە رێگەی زۆر جیاجیا پێشکەش دەکات و، گۆڕاوە بە شێوەیەکی درامیی و، رووناکبیر وەکو بتێک پەرستراو نییە، بگرە بانگەوازێکی ناوەوەی تاکە کەسە و وزەیە، هێزێکی کەڵلەڕەقی ماندووە، وەکو دەنگێکی مولتەزیم و جیاواز لە زمان و کۆمەڵگەدا بە ژمارەیەکی گەورەی کێشەکان. یان دەگەڕێتەوە سەر (سارتەر)، کاتێک ئەو بەرگری لەو فیکرەیە دەکات کە پیاو ئازادە چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێ، گەرچی ئاماژە بە ژن نادات، پێشیوایە کە دۆخ مومارەسەی تەواوەتی ئەم ئازادییە پەکبخات، سەرباری ئەوەش هەروەها سارتەر دەڵێ هەڵەیە بڵێن ژینگە و دۆخ بە شێوەی

تاكلایەنی بڕیاری نووسەرو رووناكبیر دەدەن، راستتروایە بزووتنەوەیەكی بە بەردەوامی لە هاتووچۆ لە نێوانیاندا هەیە، گەرچی "سارتەر" زیاتر لەجیاتی رووناكبیر، ناوی نووسەر دەهێنێ، دیاریشە ئەو مەبەستی رووناكبیرە و رۆڵی لە كۆمەڵگەدا، "سارتەر" ناڵێ كە رووناكبیر جۆرێكە لە موڵكی فەیلەسووفی بەسەرخۆ هەڵكورماودا.. رووناكبیر بە شێوەیەكی بەردەوام ملكەچە، نەك بۆ داخوازییەكانی كۆمەڵگەكەی، بگرە بۆ هەمواركردنە گەوهەرییە تەواوەتییەكان، لە پایەی رووناكبیردا وەكو ئەندامانی كۆمەڵەیەكی جیاواز.. تا ئێستا كۆمەڵگەی ئەمڕۆ ئابلووقەی رووناكبیری داوە، هەندێكجار بەخەڵات و پاداشت و، لە زۆر حاڵەتیشدا بە شێواندنی ناووناتۆرەی، یان گاڵتەپێكردن پێی، وەكو كردەوە كە رووناكبیرە، هێشتا لە زۆر حاڵەتدا رووناكبیری راستەقینە دەبێ موحتەریف و شارەزا بێ بە تەنها لە بوارەكەی خۆیدا. "سارتەر" دەڵێ رووناكبیر رووناكبیر نییە جگە كاتێ كۆمەڵگە ئابلووقەی دەدات و تەفرەی دەدات و باوەشی پیا دەكات و زۆری لێدەكات، دەبێ شتێك بێ یان هەر شتێكی دیكە، چونكە ئەوسا لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانێ كاری فیكری خۆی بنیاتبنێ، كاتێ "سارتەر" ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبڵی رەتكردەوە، بەپێی بیروباوەڕەكانی بەشێوەی وورد كاریدەكرد. یان نووسیویەتی ودەڵێ: رووناكبیر لە سەریەتی لەم رۆژانەدا ئارەزوومەند بێ "هاوی" ، مرۆڤێك بەو پێیەی بۆئەوەی بیروباوەڕی بایەخدەر بێ بە كۆمەڵگە، دەبێ شیاو بێ بۆ پێشكەشكردنی پرسیاری ئەخلاقیی، چونكە لەگەرمەی چالاكی زۆرتر و تەقەنیدا، پابەندە بە وڵاتی مرۆڤەوەو بەهێزی و تێكەڵبوون لەگەڵ هاوڵاتییەكانی و كۆمەڵگەكانی ترەوە، رۆحی رووناكبیر وەكو ئارەزوومەند دەتوانێ بێتەژوورەوەو رۆتینی پیشەیی رووت بگۆڕێت، كە زۆرمان بە دەستیەوە دەناڵێنین..چونكە رووناكبیر جەماوەر و لایەنگرانی خۆی هەیە، ئەگەرهاتوو ئەو جەماوەرە بۆ هەبێت تا تێربكات، دەشبێ مەعمیلەكە بە بەختەوەریی بمێنێتەوە، یان ئەوەتا هەیە بۆ ئەوەی رووبەڕووی تەحەدا بێتەوە و، ئەنجامی هانی ئۆپۆزسیۆنی ئاشكرا دەدات، یان ئامادەكاری بۆ بكات، بۆ بەشداری دیموكراسی بەربڵاوتر لە ناو كۆمەڵگەدا. لەم دوو حاڵەتەیشدا هیچ دەربازبوونێك نییە لە دەسەڵات و هێز و، نەخۆدوورخستنەوەش لە پەیوەندی روناكبیر بە هەردووكیانەوە، ئەگینا رووناكبیر چۆن دەتوانێ قسە لەگەڵ دەسەڵاتدا بكات: وەكو موحتەریفێكی لێهاتوو، یان وەكو ویژدانێكی ئارەزوومەندو پاداش پێنەدراو؟.

لە بەشی پێنجەمی كتێبەكەیدا بە ناونیشانی (وتنی راستی بە دەسەڵات): نووسەر پێی وایە كە رووناكبیران پەیوەندییان هەیە بەداڕشتنەوەی سیاسەت و، ئەوانەی توانای مومارەسەی مەحسووبیان هەیە، لە جۆری ئەوەی كە وەزیفە و فەرمان و مووچە و مەرتەبە بەرزكردنەوە

دەدەن، یان قەدەغەی دەکەن، بە شێوەیەکی زۆر لێهاتووانە و تۆکمە، بۆ چاودێریکردنی ئەو تاکانەی کە پابەند نابن بە هێڵی پیشەیی خۆیان و، لەدیدی سەرۆکەکانیانەوە پەیتا پەیتا کۆتاییاندێ، بۆ بەرپاکردنی کەسێک لە ناکۆکیی و یاخیبووندا، یان رووناکبیر خۆبەدەستەوەدەری تەواوەتی بێ، بۆ ئامانجە سیاسییەکانی حکوومەت یان کۆمپانیایەکی گەورە، گەرچی زۆر لە رووناکبیران بە تەواوی خۆیان دەدەنە دەستی ئەو ئیغرائاتانەوە ، یان پرسیارێک هەیە  لە رووناکبیر دەکرێت: مرۆڤ چۆن راستیی دەڵێ، یان کامە راستییە و بۆ کێ و لەکوێیە ؟. یان دەڵێ کە سیستمێک یان رێبازێکی روون و  دووپاتکەرەوەی تەواو نییە، بۆ ئەوەی راستەخۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیت بە رووناکبیر،  لەم دنیایەدا، لەم جیهانەدا، جیهانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کە بەتەقەلای مرۆڤانە دروست بوون، رووناکبیر تەنها رێبازی عیلمانی پێیە ئیشی پێبکات، دەڵێ دەبێ رووناکبیر بە درێژایی ژیان خەریکی ململانێ بێ،  لەگەڵ هەموو پاسەوانەکانی دیدو دەقی پیرۆزدا، ئەوانەی زۆریان دزی و ئەوانە دەستیان ئەستوورە، کە بە تەئکید بێ تەوافوقی و جۆرایەتی قبووڵ ناکەن. ئازادی بیروڕاو دەربڕین ڕەقەو، قەڵای عیلمانی سەرەکی رووناکبیرە. ئەگەربێتو واز لە پاراستنکردنی بهێنێ، یان لێیگەڕێ گەمە بەهەر بنەمایەک لە بنەماکانی بکرێت،  لەراستیدا ئەمە واتای ئەوەیە کە خیانەت لە پەیامی رووناکبیر دەکات، بۆیە بەرگریکردن لە ئیشەکەی " سەلمان روشدی" ئایەتە شەیتانییەکان، کێشەیەکی ناوەندی موتڵەق بوو، خۆی لەخۆیدا لە پێناوی ئەوەدا بوو، دژی هەموو پێشێلکردنێکی ئەویدیکەش بوو، بۆ مافی دەربڕین بۆ رۆژنامەوانەکان و رۆماننووس و وتارنووسان و شاعیرەکان و مێژوونووسان وەکو یەک..   سەبارەت بە رووناکبیر کە گفتوگۆی ورد ورەند ناوکی چالاکیەکەیەتی، شانۆی ئیشی رووناکبیر و شوێنکاتێتی، بە بێ سروش یان ئیحادان، گەرچی دەگەڕێتەوە خاڵی دەستپێکردن، یان ئەو راستی و بیروباوەڕانە چین کە مرۆ دەبێ شینیان بۆ بکات و  پشتگیرییان بکات و پێشکەشیان بکات؟. ئەمەیش پرسیارەکەی (بیلاتیس نەبتی ؟) نییە، بۆ دەست شووشتن لە کێشەیەکی قورس، بگرە پێشەکییەکی پێویستە بۆ پشکنینی جدیانەی  ئەو شوێنەی کە لەم رۆژانەدا رووناکبیر لە سەری وەستاوە و، چ کێڵگەیەکی مینی نادیار دەوری داوە.. بە پێی بۆچوونی ئەو یەکێک لە چالاکییە سەرەکییەکانی رووناکبیر بۆ سەدەکەمان لێپێچینەوەیە، نەک هەڵپێچینی دەسەڵات، ئەو مەملەکەتە گشتییەی کە رووناکبیران تائەوپەڕی وێنەی ئاڵۆزی خۆیانی تیا دروست دەکەن و، سەروسیمای ناشیرینی تیایە، بەڵام واتای خۆتێهەڵقورتاندنی ئەکتیڤانەی لەو مەملەکەتەدا دەبێ پشت بە بیروڕای پتەوی رووناکبیر ببەستێ، لە  بیرۆکەی  دادپەروەری  و ئینسافدا، کە رێگە دەدا بە

جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان و تاکەکانداو، گرفتەکەیش بەلای ڕووناکبیرەوە ئیشکردنە لەسەر ئەو چەمکانە لە هەلومەرجی کارکردندا، لەو شوێنەی کە دەلاقەیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان دانپیانان و یەکسانی ودادپەروەری لەلایەک و، ڕاستییەکی تاڕادەیەک کەمتر درەوشاوە لەلایەکی دیکەوە، ئەو بە پێی دیدی خۆی دەپرسێ، ئایا ڕووناکبیری هاوچەرخ، کە لە زەمەنێکی مشەوەشدا دەژی، لە نادیاریدا، وەکو پێوەرە ئەخلاقیی و بابەتییەکان و دەسەڵاتێکی درکپێکەر، کە بە شێوەیەکی کوێرانە پشتگیری هەڵسوکەوتی وڵاتەکەی خۆی بکات و، چاوپۆشی بکات لە تاوانەکانی، یان لە شێوەی هیمەتکردنێکی ساردوسڕدا تاڕادەیەک دەڵێ:" پێموایە هەموویان ئەوە دەکەن، ئەمەیش ڕێگەی جیهانە". ئەوەی کە دەتوانرێ بووترێت ئەوەیە ڕووناکبیران موحتەریف نین، کە خزمەتی مامەحەمەیانەی دەسەڵاتێکی زۆر داتەپیوو بکەن و، کە مەسخی کردوون، بگرە ئەوانە ڕووناکبیری خاوەن هەڵوێستی ئەڵتەرناتیڤی زۆر مەبدەئیانەن و، لە ڕاستیدا دەتوانن یان دەنووسن، کە بە تەئکید ڕووناکبیر مرۆڤێکی ئامێرێکی ئاڵۆز نییەو، ئەو یاسا و بنەمایانەی کە بەشێوەیەکی بیرکاریانە دەریهێناون، بۆ هەر کەسێک داوای لێبکات هەڵیانبدات.. بێگومان ترس و سنووری ئاسایی هەیە بۆ کاتی مرۆڤو بەئاگابوونی، وەکو دەنگێکی تاک دەتوانێ بە ئەکتیڤبوونێکی ترسناکەوە کاربکات. بەڵام ئێمە هەقی خۆمانە بۆ لەناوچوونی ڕێکەوتنێک بەرامبەر بە پێکهاتە بابەتییەکان، لەبەر هەمان هۆیش ڕووناکبیر تاسەی نەزعەیەکی خودی ئاسانکار نابێت لەگەڵ خودی خۆیدا، یان پەنابردنەبەر پیشەیەک، یان بەر بیری نەتەوەیی، کەجگە لە پاساوێک هیچی دیکە نین. ئەو چارەسەرەی ئەو دەرزیاژنکردنە نییە کە بە هۆی خوێندنەوەی هەواڵەکانی



ڕۆژانە لە بەیانیاندا تووشی دەبێ. ئەو خووڕەوشتانەی کە بە ئیمتیازەوە ڕووناکبیر گەندەڵ دەکەن و، لە ئەنجامدا ژیانی ڕووناکبیر دەکوژن، شەخسەنەکردنی ئەو خووانەیە، کە وەکو ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاواتی ئەوەبێ پایەیەکی فەخری وەربگرێت، یان خەڵاتێکی گەورە وەربگرێ، یان لە وانەیشە پۆستی باڵیۆز بێ. ئەم خووڕەوشتانەیش ڕووناکبیر فریودەدەن، بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە، بە تایبەتی دوورخستنەوەی لە هەڵوێستی قورس و مەبدەئی، کە دەبێ هەڵوێستی ڕاستبێ، بەڵام ئەوەی بڕیاردراوە دەبێ لەسەری بڕوات، ئەو نایەوێ وەکو سیاسییەکی زۆر دەربکەوێت، دەترسێت لەوەی خۆی بەجیاواز دەرخات، دەیەوێ ناووناتۆرەی خۆی بپارێزێ و لەنگەری خۆی بپارێزێت و، بابەتی و میانڕەو بێت، ئومێدەوارە پرسیاری لێبکەن و ڕاوێژی پێبکەن و، لە نێو ئەنجوومەنێکدا بێ، یان لەناو کۆمیتەیەکی بە ئیعتیبار، بەم جۆرەش لە نێو تەوژمی سەرەکی بەرپرسیارییەتیدا دەمێنێتەوە.. یان ڕووناکبیر نایەوێت بە چیادا هەڵگژێت، یان بچێتەسەر مینبەرێک لە بەرزاییەوە وتار بۆ خەڵکیی بدات، دیاریشە دەیەوێ ڕای خۆی دەربڕێت، لەو شوێنەی دەکرێت بە چاکیی گوێی لێبگیرێت. دواجار وتنی ڕاستیی بە دەسەڵات ئایدیایەکی ڕادەبەدەر نییە بە گەشبینیی، ئومێدەوارێکی هۆشدارە بە ئەڵتەرناتیڤە لەبەردەستەکان و هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی ڕاست، پاشان پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی ئەقڵانیی لەو شوێنەی کە دەتوانرێ سەرکەوتوو بێت و، گۆڕانێکی لەبار بخوڵقێنێ... لە بەشی  شەشەمی کتێبەکەیدا، بە ناونیشانی( ئەو خوداوەندەی هەمیشە شکستدێنێ). ئەو پێیوایە دەبێ ڕووناکبیر دژی ڕێپیشاندەر بێت و، هەروەها بڕوابوون بە خوداوەندێکی سیاسیی لە هەر شێوەیەک بێ، کە ڕەوشتێکی ناجۆرە بۆ ڕووناکبیر، دەڵێ ئەمەیش واتای ئەوە نییە کە ڕووناکبیر لە لێواری ئاوەکە بوەستێ و، جارناجارێک پەنجەی پێی دەدات لە ئاوەکە، زۆر کات بە تەڕنەبوو بمێنێتەوە.. یان پیشەی هەموو ڕووناکبیرێک ڕوونکردنەوەو پێشکەشکردنی بیرۆکەکان و دیدەکان و ئایدۆلۆژییە دیاریکراوەکانە، بە شێوەیەکی لۆژیکی خواستی ئەوەیە لە کۆمەڵگەدا سەرکەوتوویان بکات و، ئەو لە پێناوی زانیارییەکی ڕووتدا، یان زانستێکی موجەڕەدداو نابێ باوەڕی پێبکرێت، هەروەکو نووسەری گەورەی سەدەی بیستەم (ژان ژێنێ) جارێکیان وتی، لە ساتێکدا کە تۆ وتار دەنووسی لە کۆمەڵگەدا بەمەیش دەچیتە ژیانە سیاسییەکەیەوە، بەو جۆرە ئەگەر ناتەوێ ببیتە سیاسیی، وتارمەنووسە یان بە ئازادی ڕای خۆت دەرمەبڕە.. یان وێناکردنی جیاوازیی لە نێوان ڕووناکبیری موحتەریف و ئارەزوومەندا(هاوی)، کە ڕووناکبیری موحتەریف بانگەشەی سەربەخۆیی دەکات، لەسەر بنەمای پیشەو خۆی بە بابەتیانە دەردەخات، لە کاتێکدا ئارەزوومەند(هاوی) بە پاداشت ناورووژێت و، نە بەدەستکەوتی خێرا بۆ پێدانی ئیشێک، بەڵکو بە پەیوەندبوونی مولتەزیم بە بیرۆکەکان و بەهاکانەوە لە کەشێکی گشتییدا. وەکو مارکس وتوویە گۆڕانی ڕووناکبیر بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە تەئویلکردنی مەسەلە ناپێوەستبووەکانە، بۆ ئەو  مەسەلانەی کە زۆرتر گرنگییان هەیە بۆ گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی. دەشڵێ کە ڕووناکبیر زیندەوەرێکی عیلمانییە، هەرچەنێ زۆر لە ڕووناکبیران لافی ئەوە لێدەدەن، کە ئەوان نمایندەی شتە بەرزەکانن، یان بەها موتڵەقەکان. دەبێ ڕووناکبیر بگەڕێت و چاوی بە خەڵکیی بکەوێت و، دەبێ شوێنێکی هەبێ لەسەری بوەستێ بۆ وەڵامدانەوەی دەسەڵات، چونکە پاشکۆی تەواوەتی بۆ دەسەڵات لە جیهانی ئەمڕۆدا گەورەترین مەترسییە لەسەر ژیانی فیکریی ئەخلاقییە چالاکەکەی. دەبێ ڕووناکبیر بەردەوام بیری خۆی بخاتەوە، کە ئەو ڕووناکبیرە و دەتوانێ هەڵبژێرێ لە نێوان پۆزەتیڤ و نیگەتیڤدا، پۆزەتیڤ، بەوەی وەکو ڕاستی پێشکەشبکات بە جوانترین شێوە کە بتوانێ، نێگەتیڤ ئەوەی ڕێگە بدات بەسەردارێک یان  بە دەسەڵاتێک کە ڕێنیشاندەرت بێ.، بەلای ڕووناکبیری عیلمانیشەوە ئەو خوداوەندەیە کە هەمیشە شکستدێنێ..